The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# دەبێت سەدام و هاوکارانی تاکو کۆتایی پرۆسەی دادگاییەکە ئیعدام نەکرێن

**جەماوەری کوردستان**
**کەس و کاری قوربانیان**
**حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان**
**پارت و لایەن و ڕێکخراوەکان**

وەك ئاگادارن پرۆسەی دادگاییکردنی سەدام و هاوکارانی لەم ڕۆژانەدا به قۆناغێکی زۆر چارەنووسساز و هەستیاردا تێدەپەڕێت , نەخشەی ئەوە هەیە سەدام حسێن له پای تاوانی دوجەیلدا ئیعدام بکرێت و کۆتاییەکی کۆمیدی بە پرۆسەی دادگاییەکە بهێنرێت .
هەرچەندە هەر لە دەستپێکدا پرۆسەی دادگاییەکە بە شێوەیەکی ناڕەوا دەستی پێکرد , بەمەش ناڕەوایەتییەکی گەورە بە قوربانیانی کوردستان کرا , کاتێك دادگاییکردنەکە به دۆسییەی دوجەیل دەستی پێکرد , ئێستا بە نیازن تاوانێك گەورەتر بەرامبەر بە قوربانیان و هەموو گەلەکەمان ئەنجام بدەن , بەوەی سەدام حسێن و بەشێك لە هاوکارانی به تاوانی دوجەیل ئیعدام بکەن , دیارە درێژە کێشانی دادگاییەکە بە بێ ئامادەیی سەدام حسێن و هەموو هاوکارانی لە هۆڵی دادگا , هیچ گرنگییەکی یاسایی و سیاسی نابێت .
بۆیە ئێمە وەك ناوەندی چاك زۆر بە توندی دژ بە جێبەجێکردنی هەر بڕیارێکی لەو چەشنە دەوەستینەوەو شەرمەزاری دەکەین , هاوکات داوا دەکەین لە جەماوەری کوردستان بە گشتی , وە کەس و کاری قوربانیان بە تایبەی و جەماوەری شاری هەڵەبجە , گەرمیان , بارزان , سەردەشت , قەڵادزێ , کەرکووك , کۆیە , گۆپتەپە , شێخ وەسانان , قەرەداغ , ڕەواندز , وەرێ , شەقڵاوە ... هتد دژ بەم بڕیارە ناڕەوایە بوەستنەوە , بە ناڕەزایەتی دەربڕینی جۆراوجۆر بێنە مەیدان , نابێت ڕێگە بە ون بوونی دۆسییەکانتان بدەن , ون بوونی دۆسییەکان ون بوونی خوێنی ئازیزانمان و قوربانیانە .
هەروەها داوا لە هاووڵاتیانی کورد لە هاندەران دەکەین , ناڕەزایەتییەکانی **21–8 دوبارە بکەنەوە , , بە چونە بەردەم باڵوێزخانەکانی عێراق و وڵاتانی ئەورووپی و پەیوەندیکردن بە دەزگا جۆراوجۆرەکانەوە , پرۆتستۆی ئەم بڕیارە بکەن .**

**درێژە نەکێشانی پرۆسەی دادگا تاکو کۆتایی و ئامادە نەبوونی تاوانکارانی سەرەکی لە هۆڵی دادگا , گەورەترین شکستی سیاسی و یاساییە بەرامبەر بە پرۆسەی دادگاییەکەو هەموو گەلی کورد .**

**بۆیە با هەموو پێکەوە بە دروشمی :**
**–کاک مەسعود و مام جەلال داوابکەن تا دوا دۆز سزاکە جێبەجێ نەکرێت .**
– پێویستە تا کۆتایی دادگا , سەدام و هاوکارانی لە هۆڵی دادگا بمێننەوە .
–هەر بڕیارێك دژ بە سەدام و هاوکارانی دەردەچێت , دەبێت تاکو کۆتایی پرۆسەی دادگاییەکە جێبەجێ نەکرێت .

**ناوەندی چاك 5-11-2006**